بۆ بەڕێز کۆمیسیۆنی بالای هەلبژاردنەکانی عێراقی فیدرال

سلاوێکی گەرم

بابەت / سکالا

بەرێزان

هەروەکوو دەزانن کەگەلانی عێراق رۆژ نییە دەیان وبگرە سەدان قوربانی پێشکەش نەکات لەپێناوی هێنانەکایەوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالو یەکگرتو بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ببێتە مایەی خێرو خۆشی بۆ تەواوی کۆمەلانی خەلکی عێراق .بۆ ئەو مەبەستەش رۆژی 15-12-2005 هەموو عێراقییەك لەهەرقوژبنێکی دونیادا روویان کردە سەر سندوقەکانی دەنگدان و لەتورکیاش هەمان پرۆسە ئەنجام درا.بۆ ئەو مەبەستەش لە ئەنکەرەشوێنێك بۆ دەنگدان لەدەرەوەی سەفارەتی عێراقی و لە ئیستانبولیش سێ شوێن لەلایەن کۆمیسیۆنی بالای هەلبژاردنەکانی تورکیا دەسنیشانکرا.

بەرێزان :

هەمومان دەزانین کە ئەوە سێهەمین هەلبژاردنە لەعێراقدا ئەنجامدەدرێت .بەپێی هەموو ئامارەکانی لەبەردەستیشمان دایە، چ ئامارەکانی سەفارەتی عێراقی وەیاهی نەتەوەیەکگرتوەکانیش دەردەکەوێت کەلەهەموو تورکیادا ژمارەی رەوەندی عێراقی ناگاتە ( 6 )شەش هەزار دەنگدەر . تەنانەت لەهەلبژاردنەکانی پێشوشدا دەرکەوت کەژمارەی عێراقیەکانی لەتورکیا دەژین وناوی خۆیان بۆ دەنگدان تۆمارکردبوو بریتیبوون لە (4178)چوارهەزارو سەدوحەفتاو هەشت دەنگدەر،لەو ژمارەیەشدا جەبهەی تورکمانی توانی تەنها (3500) سێ هەزارو پێنجسەد دەنگ بەدەستبێنێت.کەچی ئەمجارە تەنها لەئیستانبول(22800 )بیست و دوو هەزارو هەشت سەد دەنگدەری عێراقی ولەئەنکەرە (2322 )دووهەزارو سێ سەدو بیست ودوو دەنگدەری عێراقی بەشداری دەنگدانی کردووە، کەکۆی گشتی دەکاتە (25122)بیست وپێنج هەزاروسەدو بیست ودوو دەنگدەرکەدەنگیان داوە.لەمەش جەبهەی تورکانی زیاتر لە بیستو دوو هەزار دەنگی بەدەست هێناوە.

ئێمە پێمان وایە ئەو ژمارەیە دەبێ ئەدقیق بکرێتەوە. چونکە ئەگەر(25122)بیست و پێنج هەزاروسەدوبیست ودوو کەسی عێراقی لەسەروی 18 سالیەوە لەتورکیا بژین ،کەواتە ئەوانەش ئەلبەتە زۆربەیان خێزان و مالیان هەیە ،ماناى وایە لەتورکیادا زیاتر لە 60شەست هەزار عێراقی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com